# دەست گرتن بە سوننەتی پێغەمبەرەوە ¢ ، وە دورکەوتنەوە لە بیدعە

? م: عبدالسلام رؤوف
پێش نوێژو وتار خوێن
لە مزگەوتی راپەڕین لە چەمچەماڵ

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله وحده والصلاة والسلام على من لا نبي بعده

خوێنەری بەڕێز بەیارمەتی خودای گەورە لەبابەتی ئەم جارەدا دەچینە خزمەت ئامۆژگارییەکی بەسود لەلایەن پێشەوایەکی خۆشەویستەوە کە (معازی کوری جەبەلە  i ) .
ئەم ئامۆژگارییەیش ئیمامی ئەبو داود لەسوونەنەکەیدا بۆمان دەگێڕێتەوە بە ژمارە(٤٦١١-٤٦١٢) لە بابەتی (كتاب السنة، باب من دعا الى السنة).

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کەهاوەڵە بەڕێزەکانی پێغەمبەر ¢ وپیاوچاکانی دوای ئەوان کەچەند گرنگییان داوە بەدەست گرتن بەسوننەتەوە، وە چەند خۆیان و خەڵکیان ئاگادار کردۆتەوە لەخراپی بیدعە و شتە زیاد کراوەکانی ناو ئاینی پیرۆزی ئیسلام.

ئەم ئامۆژگارییە لەلایەن ئەبو ئیدریسی خەولانی کە ناوی (عائذ الله) لە یەزیدی کوری عومەیر کە یەکێکە لە هاوەڵانی موعازی کوری جەبەلە  i  بۆمان دەگێڕێتەوە، ئەویش لە موعازی کوری جەبەلەوە  i  بۆمان دەگێڕێتەوە دەفەرموێت:
موعازی کوری جەبەل  i  هەموو کات لە دانیشتنەکانیدا کە بریتی بوو لە دانیشتنی زیکرو یادکردنەوە ئامۆژگاری دەی فەرموو: خودای گەورە خودایەکی حاکم و دادپەروەرە، بەڕاستی بەهیلاك چوون ئەو کەسانەی کە لە گوماندان، پاشان فەرمووی ئاگاداربن لە دوای ئێوەوە ڕۆژانێك دێت پڕە لە ناخۆشی تاقیکردنەوە، ڕۆژانێکە ماڵ و سەروەت و سامان زۆر دەبێت لە ناو خەڵکیدا، ڕۆژانێك دێت قورئان خوێن و شێوازی قورئان خوێندن زۆر دەبێت بە شێوازێك خەڵکانێکی زۆر قورئان دەخوێنن لە ئیمانداران و مونافیق وە لە پیاوان و ژنان وە لە گەورە و بچووك لە ئازادو کۆیلە، هەتا وای لێ دێت بیدعەو شتی داهێنراو لەناو دیندا زۆر دەبێت بە جۆرێك کە خەڵکی واز لەشوێنکەوتنی قورئان و سوننەت دێنن وە شوێنی بیدعە و شتە داهێنراوەکان لەناو دیندا دەکەون، لەو

کاتەدا وای لێ دێت کە زۆر نزیکە کەسانێك بڵێن: ئەوە بۆچی خەڵکی شوێنی خۆم و قسەکانم ناکەون!! خۆ من قورئانیان بۆ دەخوێنم جا ئەم جۆرە کەسانە لەبەر بێ دڵسۆزیان بۆ دین بایەخ دانیان بە بوونی خۆیان و خۆویستی خۆیان بیردەکەنەوە کە چۆن دەست بکەن بە بیدعە کردن و شت دروست کردن بەناوی دین تا خەڵکی شوێنیان بکەون.

پاشان موعاز ‌ ‌ فەرمووی: ئاگادارین لە کارو بیدعەی ئەم جۆرە کەسانە، چونکە هەموو داهێنراوێك لە دین گومڕاییە وە خەڵکی بەرەو گومڕایی دەبات.

جا لە پاشان فەرمووی: ئاگادارتان دەکەمەوە لە هەڵەو لادان لە ڕاستی کە هەندێك جار لە زانایان ڕوو دەدات، چونکە هەندێك جار شەیتان دەبێتە هۆکار بۆ ووتنی قسەی خراپ و نادروست لەسەر زمانی کەسانی زانا، بەهەمان شێواز هەندێك کەسانی مونافیق و دوو ڕوو ووتەی هەق دەڵێن.

ئینجا یەزیدی کوڕی عومەیر فەرمووی: بە موعازم ‌ ووت: چۆن بزانم کە هەندێ جار کەسانی زانا ووتەی ناحەق دەڵێن لە زمانیان دەردەچێت وە کەسانی دووڕوو مونافیق هەندێ جار ووتەی حەق دەڵێن؟ موعاز فەرمووی: بەڵێ، هەندێ جار شتی وا ڕوودەدات لە کەسانی زانا و کەسانی مونافیق و دووڕوو، جا بۆیە دوور بکەوەرەوە لە ووتەی کەسی زانا کە کاتێك ووتەکەی بە ئاشکرا ناحەقە، لەکاتێکدا کە خەڵکی ئەم ووتە دەبیستن دەڵێن جێگای سەرسوڕمانە ئەم ووتەیە لەم جۆرە کەسانەوە، بەوە ئاگادار بە ئەم جۆرە قسانە کە هەندێ جار لەسەر زمانی ئەم کەسانە دەردەچێت لات نەدات لەسەر ڕێگای ڕاست وە ووتەکانیان وات لێ نەکات کە وازبێنیت لە هەوەڵێتیان، چونکە لەوە دەچێت ئەم زانایە کاتێك بێت پەشیمان بێتەوە لەم ووتانەی خۆی کە پێچەوانەی ڕاستییە.

جا ئەوەی لەسەر تۆیە ئەوەیە کە ڕاستی وەر بگریت با لەکەسانی مونافیق و دوو ڕوویش بێت، چونکە لەناو حەق و ڕاستی ڕووناکی و ڕۆشنایی دیار و ئاشکرا هەیە، وە خۆت بپارێزە لە بیدعە و شتی پێچەوانە بە ئاین با لەسەر زمانی کەسانی زانایش دەربچێت، چونکە ووتەو کاری بیدعەو داهێنراو لە دیندا کاتێك خەڵکی دەیبینێت یاخود دەیبیستێت خۆیانی لێ دەپارێزن وئینکاری دەکەن بەهۆی ڕووناکی سونەتەوە، وە لەناو بیدعەدا خراپە و تاریکی دەردەچێت و بەری دەگرێت با ئێستا دیار نەبێت بەڵام لە داهاتوودا دەردەکەوێت.

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين

™